Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# ئاوارە عەرەبەکانی ناوخۆی عێراق لە هەولێر بەدوای ژیانێکدی نوێدا دەگەڕێن

**Author:** Mohammed Furat

سەرەڕای بەربەستی زمانەوانی و کلتووری، زۆرێك لە ئاوارە عەرەبەکانی عێراق هەرێمی کوردستانی عێراق بە ماڵی نوێی خۆیان دەزانن.
.

کاتێك عەواد کە باوکی سێ منداڵە سێ ساڵ لەمەوبەر هاتە هەولێر بۆ ئەوەبوو تا پەناگەیەك بدۆزێتەوە و لە توندوتیژیی تائیفیی بەغدا رزگاری بێت. ئێستا هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان نەك بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ خێزانەکەی، بەڵکو بووە بە ماڵیش بۆیان.

"دەزانم کە خێزانەکەم سەلامەتن" عەواد وتی. "لێرە سەلامەتین،."

بەپێی زانیارییەکانی ناوەندی چاودێریی ئاوارەکانی ناوخۆ، زیاتر لە ١.٦ ملیۆن عێراقی بەهۆی توندوتیژییەوە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨ەوە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە. عەواد و خێزانەکەی لەو ئاوارانەن. رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچبەران رایگەیاندووە نزیکەی ٧،٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆی عێراق لە پارێزگای هەولێر دەژین.

زۆرێك لە ئاوارە ناوخۆکانی چینی ناوەند بەغدا و پارێزگاکانی تریان بەجێهشێت دوای ئەوەی میلیشیاکان دەستیانکرد بە رفاندن و کوشتنی کەسانی پرۆفێشناڵ. ئەو ئاوارانە بەدەست جیاوازیی کلتووری و زمانەوانی و بێکاری و گرانی باری گوزەرانیان، لەوانەش زۆریی کرێی خانوو، دەناڵێنن.

بەڵام زۆرێکیشیان دوولًدن لەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان دوای ئەوەی ژیانێکی نوێ و جێگیریان لە کوردستانی عێراق بنیات ناوە.

عەواد لە ساڵی ٢٠٠٧ کاتێك توندوتیژی لەنێوان سوننە و شیعە لەوپەڕی توندی دابوو بەغدای بەجێهێشت. عەواد ناچاربوو واز لە پیشەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بهێنێت و خانووەکەشی لە شەقامی حەیفای بەغدا کە ئەو کاتە جەرگەی یاخیبووان بوو بەجێهێشت.

"هاتووچۆ بە شەقامی حەیفادا زۆر زەحمەت بوو،" عەواد وتی و گێڕایەوە کە چۆن پیاوان بە پۆشینی عەبای ژنان خۆیان دەشاردەوە تا لە لایەن میلیشیاکانەوە هێرشیان نەکرێتە سەر.

سەرەتای ژیانی عەواد لە هەولێر باش نەبوو. بەگوتەی ناوبراو، خەمی "بێکاری و بێ جێیی و بێ کەسی" یەکێك بوو لە هۆکارەکانی جەڵتەی دڵ کە عەواد چوار ڕۆژ دوای گەیشتی تووشی بوو. هەفتەی دووەمی خۆی لە بەشی چاودێری ورد لە نەخۆشخانەیەکی حکومی لە شارەکەدا بەسەر برد.

بەڵام دوو ساڵ دواتر، رەوشی ژیانی بەشێوەیەکی خێرا باشتر بوو.

عەواد ئێستا ژمێریاری یاریدەدەرە لە رێکخراوی کۆمەکی گشتی کە رێکخراوێکی ناحکومییە و یارمەتی ئاوارەکانی ناوخۆ دەدات لە هەرێمی کوردستانی عێراق بگیرسێنەوە. هەرچەندە مووچەکەی کە ٤٠٠ دۆلارە و بەپێی پێوەرەکانی هەرێمەکە کەمە، بەڵام عەواد توانیویەتی شوقەیەکی بچووك لە گەڕەکێکی چینی ناوەند بگرێت و سێ منداڵەکەی گەڕاونەتەوە قوتابخانە و خۆشی زمانی کوردی دەخوێنێت.

عەواد دەڵێت هیچ پلانێکی نییە تا بەم نزیکانە بگەڕێتەوە بەغدا هەرچەندە ڕەوشی ئەمنی تا ڕادەیەکی زۆر لە دوو ساڵی رابردوودا باشتر بووە.

"براکانم و خوشکەکەم لە بەغدا پێم دەڵێن ئەوان لە بەندیخانەیەکی گەورەدا دەژین. هێشتا توندوتیژی و تاوانکاری ماوە. منداڵەکانم لەوانەیە لە هەر خووڵەکێکدا بڕفێنرێن،" عەواد وتی. "تەنانەت ئەگەر خەونیش بە گەڕانەوەم بۆ بەغدا ببینم، سەیری خێزانەکەم دەکەم و دووبارە بیردەکەمەوە. ئەوان لێرە خۆشحاڵن."

هاتنی ئاوارەکانی ناوخۆ بۆ هەولێر سێ ساڵ لەمەوبەر دەستیپێکرد. هەندێ دانیشتووی پێشووی بەغدا خانووبەرەی خۆیان لە بەغدا فرۆشتووە و دەڵێن بەیەکجاری ئەو شارەیان بەجێهێشتووە.

هۆگر چەتۆ، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کۆمەکی گشتی، وتی نزیکەی ٢٥ لەسەدای ئەو خێزانانەی لە بەغدا ئاوارە بووینە بەرنامە دادەنێن تا بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەولێر بمێننەوە و ئەوەشی وت کە هەندێ لە ئاوارە عەرەبەکانی ناوخۆ هەوڵیان داوە ناوی کوردی لەخۆیان بنێن و خۆیان بکەن بە کورد.

"پێیان وایە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە یارمەتیان دەدات لە زاڵبوون بەسەر کۆسپی بیرۆکراتی،" چەتۆ وتی.

لەڕووی گرتنەبەری ڕێوشوێنەوە، گیرسانەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەك گواستنەوە بۆ وڵاتێکی بیانی وایە. سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانی عێراق ئارامترین شوێنی ئەو وڵاتەن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش توندە لەبارەی ئەوەی ڕێگە بە کێ دەدات بێتە ناو هەرێمەکەوە.

هەر عێراقییەك کە بگوازێتەوە بۆ هەولێر، سلێمانی، یان دهۆك دەبێت ڕێوشوێنی ئەمنی تەواو بکات و لەڕێی کەفیلێکی هەرێمەکەوە کە زۆرجار کارمەندێکە یان دانیشتووی هەرێمەکەیە مۆڵەتی نیشەجێبوون وەربگرێت.

زۆربەی کەفیلەکان کارمەندی حکومەتن کە بەئاسانای لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەدۆزرێنەوە.

کوردەکانی پارێزگاکانی تریش دەبێت ناوی خۆیان لای هێزەکانی ئاسایشی هەولێر تۆمار بکەن بەڵام پێویستیان بە کەفیل نییە.

ئاوارە عەرەبەکانی چینی ناوەڕاست کە پیشەی جێگیریان دۆزیوەتەوە دەڵێن هەست بە ئاسوودەیی دەکەن.

"دەزانم ڕەوشی ئێرە زۆر لە هی بەغدا باشترە،" بشار عەبدولـلەتیف، ئەندازیارێکی بەغدایە و خێزانەکەی چەند مانگێگ لەمەوبەر یەکەم منداڵی لە هەولێر بوو، وتی.

"گەڕەکەکانی بەغدا ئێستا تائیفین. بەهۆی خاڵەکانی پشکنینەوە مەحاڵە بتوانی بەشارەکەدا هاتووچۆ بکەیت و ئیشیش کەمە."

عەبودولـلەتیف دەڵێت هەرگیز لە هەولێر دەربارەی ئاین و ڕەگەز پرسیاری لێ نەکراوە. ئەو دەڵێت کوردەکان "بەزۆری خەڵکی باش و ئاشتیخوازن".

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێك لە ئاوارەکان ڕووبەڕووی بەرەنگاریی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە کە هۆکارەکەشی زمانە - کەمێکیان کوردی دەزانن – و هۆکارێکی تریش جیاوازیی کلتوورە.

بەگشتی، تێکەڵاوی کۆمەڵاتیمان لێرە نییە،" عەواد وتی. "پەیداکردنی هاوڕێی نوێ، بەتایبەتی هاوڕێی راستەقینە، کارێکی ئاسان نییە. تەمەنێکی دەوێ."

لەکاتێکدا هەندێ لە خەڵکی کوردستان دەڵێن هاتنی ئاوارە عەرەبەکانی عێراق سوودی بۆ هەرێمەکە هەبووە، هەندێکی تر دەڵێن دەبێ ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە. باشتربوونی ڕەوشی ئەمنی وایکردووە هەندێ لەو ئاوارانە بتوانن هاتووچۆی پارێزگاکانی خۆیان بکەن، بەڵام زۆربەیان دەڵێن گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان زۆر مەترسیدارە.

رەوشی بەشەکانی تری عێراق ئێستا باشترە،" لاولاو رەفعەت، ئارایشتگای جوانکاری لە هەولێر هەیە، وتی. "ئاوارە عەرەبەکان پێویستە بگەڕێنەوە. ئەو کوردانەی لە ئەوروپا دەژین وا بەزۆر دەنێردرێنەوە لەبەر ئەوەی رەوشی هەرێمی کوردستان باشە. ئەو کوردانەی کە لە ئەوروپا دەگەڕێنەوە پێویستە ئیشی ئەو ئاوارانە بکەن."

کەسانی تر زیاتر هاوسۆزن.

بەزەییم بەو عەرەبانەدا دێتەوە کە هاتوونەتە کوردستان،" ئاریان بارزان، قوتابی زانکۆی سلێمانییە، وتی. "بەراستی، ئێمەی کورد بەشێکین لە عێراق و ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە هەر کاتێك بیانەوێ بێنە هەرێمی کوردستان هەروەك ئێمە دەتوانین بچینە بەشەکانی تری عێراق."

IWPR هێمن لهۆنی و رۆژنامەنووسی راهێنراوی IWPR ە لە هەولێر. بژارکەری ناوخۆیی IWPRمحەمەد فورات بژارکەرێکی ناخۆیی نەجیبە محەمەد لە سلێمانی و هەولێرەوە بەشداریان لە نووسینی ئەم راپۆرتە کردووە.

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%A6%D8%A7%D9%88%D8%A7%D8%B1%D9%87%E2%80%8C-%D8%B9%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%86%D8%A7%D9%88%D8%AE%DB%86%DB%8C-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D9%87%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%84%DB%8E%D8%B1-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%AF%D9%88%D8%A7%DB%8C-%DA%98%DB%8C%D8%A7%D9%86%DB%8E%D9%83%D8%AF%DB%8C-%D9%86%D9%88%DB%8E%D8%AF%D8%A7-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%DA%AF%D9%87%E2%80%8C%DA%95%DB%8E%D9%86